دکتور سا لح ئیبرا هیمی



## سوره‌ی یوونس له مه‌ککه هاتۆته خواره‌وه و به (بسم‌الله)وه ١٠٩ ئایه‌ته.

به ناوی خوای به‌خشه‌ر و دلّاوێن.

ئه‌لف، لام، را، ئه‌وانه نیشانانێکن له کتێبی پڕ و ته‌ژی له کارزانی و دوور له گۆڕان (وتوویشیانه: زانینی جه‌بر له‌م پیته موقه‌ته‌عانه (ئه‌لف، لام، را) ساز دراوه.) ﴿١﴾ ئایا ئه‌مه بۆ خه‌ڵک هۆی سه‌رسوورمانه که پیاوێکمان له خۆیان ڕاسپاردووه که خه‌ڵک بترسێنه و به که‌سانێ که بڕوایان هێناوه مزگێنی بده که بۆ ئه‌وان لای په‌روه‌رێنه‌ریان پاداش (و پێشینه‌ی چاک) هه‌یه، (به‌ڵام) خوانه‌ناسان وتیان: ئه‌مه جادووگه‌رێکی ئاشکرایه ﴿٢﴾ په‌روه‌رێنه‌رتان ئه‌و خوایه‌یه که ئاسمانگه‌ل و زوی له شه‌ش ڕۆژ (شه‌ش ده‌وره) خوڵقاند و سازی دان، پاشان له‌سه‌ر ته‌ختی (قوودره‌ت) قه‌راری گرت و که‌وته ته‌گبیری به‌ڕێوه‌به‌ری کاروباری (جیهان)، هیچ شه‌فیع و تکاکارێک نییه مه‌گه‌ر ئه‌و ئیجازه بدا، ئه‌مه‌یه خوا په‌روه‌رێنه‌رتانه، جا ئه‌و بپه‌رستن، ئایا بیر ناکه‌نه‌وه تا په‌ند و ئامۆژگاری بگرن؟ ﴿٣﴾ گه‌ڕانه‌وه‌ی هه‌مووتان بۆ لای ئه‌وه، خوا وه‌عده‌ی هه‌قی داوه، به‌ڕاستی ئه‌و خوڵقاندنی ده‌س پێ‌کرد و له پاشان (تازه‌ی ده‌کاته‌وه و) ده‌یگێڕێته‌وه تا که‌سانێ که بڕوایان هێناوه و کرده‌وه‌ی چاکیان کردووه، دادگه‌رانه پاداشیان بداتێ و به که‌سانێ که به خوانه‌ناسییان کرد تا مان، هه‌ر خواردنه‌وه‌ی داغ و سووتێنه‌ر و ئازاری ده‌ردناکیان بۆ هه‌یه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که کافر بوون ﴿٤﴾ ئه‌و زاتێکه ته‌به‌ق و گۆی ڕۆژی کرده تیشکده‌ر و مانگی تریفه‌دار کردووه و بۆ ئه‌و چه‌ند قۆناغ و مه‌نزڵگه‌ی دیار کردووه تا ژماره‌ی ساڵ و حیسابی (کاره‌کانتان) بزانن، خوا ئه‌مه‌ی نه‌خوڵقاندووه، مه‌گه‌ر به هه‌ق به‌ڵگه‌کان شی ده‌کاته‌وه و به‌یانیان ده‌کا بۆ قه‌ومێ که ده‌زانن ﴿٥﴾ به‌ڕاستی له هاتوچۆی شه‌و و ڕۆژ، ئه‌وه‌ی خوا له ئاسمانه‌کان و زه‌ویدا ئافراندوونی به‌ڵگه و نیشانه‌گه‌لێک هه‌یه بۆ هۆزێ که له خوا ده‌ترسن و خۆ ده‌پارێزن (و گوناح و تاوان چاوی دڵیانی کوێر نه‌کردووه) ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ی که‌ هیوای دیداری ئێمه‌ (و ڕۆژی به‌رێ)یان نییه‌ و به‌ ژیانی دنیا ڕازین و پێی دڵنیان، و ئه‌وانه‌ی که‌ له‌ نیشانه‌کانی ئێمه‌ بێ‌خه‌به‌ر و غافڵن (جێی هه‌موویان ئاگره‌) ﴿۷﴾ ئه‌وانه‌ هه‌موویان جێگه‌یان ئاگره‌، له‌به‌ر ئه‌و کارانه‌ی ئه‌نجامیان داوه‌ ﴿۸﴾ به‌ڕاستی که‌سانێ که‌ بڕوایان هێناوه‌ و کرده‌وه‌ی چاکیان کردووه‌، خوا به‌ هۆی بڕوایانه‌وه‌، ڕێنوێنییان ده‌کا، له‌ ژێر (کۆشکی به‌هه‌شتی پڕ نیعمه‌تی) ئه‌وانه‌وه‌ چۆمه‌ئاو له‌ناو باغه‌کانیدا تێده‌په‌ڕێ ﴿۹﴾ قسه‌ ونزا (و پاڕانه‌وه‌)ی ئه‌وان له‌ به‌هه‌شتدا، ئه‌مه‌یه‌ که‌ ئه‌ی خوایه‌ تۆ پاک و بێ‌خه‌وشی! و درودی ئه‌وان سه‌لامه‌ و ئاخرین قسه‌یشیان ئه‌مه‌یه‌: حه‌مد و سپاس تایبه‌ته‌ بۆ خوا که‌ په‌روه‌رنده‌ی عاله‌میانه‌ ﴿۱۰﴾ ئه‌گه‌ر به‌و جۆره‌ی که‌ خه‌ڵک بۆ به‌ده‌س‌هێنانی چاکه‌ په‌له‌ و تاڵووکه‌یانه‌، خوا (به‌ سزای کرده‌وه‌یان) تۆڵه‌یان لێ‌بستێنێ، ژیانیان ته‌واو ده‌بێ (و هه‌موو تیا ئه‌چن)، به‌ڵام ئه‌وانه‌ که‌ هیوای دیداری ئێمه‌یان نییه‌، وێڵیان ده‌که‌ین تا له‌ نێو (که‌فوکوڵی) سه‌رکه‌شیی خۆیان بسووڕێنه‌وه‌ ﴿۱۱﴾ کاتێ که‌ به‌ڵا و پیسێر و کۆسپێک یه‌خه‌ و به‌رۆکی مرۆ ده‌گرێ، له‌ حاڵێکدا که‌ به‌ ته‌نیشته‌وه‌ خه‌وتووه‌ یا دانیشتووه‌ یا ڕاوه‌ستاوه‌، له‌ ئێمه‌ ده‌پاڕێته‌وه‌، جا کاتێ به‌ڵامان له‌سه‌ر لابرد، به‌ جۆرێکی وا ده‌ڕوا وه‌ک ئه‌وه‌ که‌ (مێش نه‌یگه‌زتووه‌ و) قه‌ت (بۆ کردنه‌وه‌ی گرێ‌کوێره‌ی ژیانی) هاواری بۆ ئێمه‌ نه‌هێنابێ، ئا به‌م‌جۆره‌ بو ئه‌وانه‌ی هه‌ڵه‌ڕۆن و زیاده‌ڕۆن کرده‌وه‌یان ڕازاوه‌ته‌وه‌ ﴿۱۲﴾ به‌ هه‌قیقه‌ت خێڵ و هۆزگه‌لێ، به‌ر له‌ ئێوه‌ له‌و ده‌مه‌ی وا ناحه‌قییان کرد، له‌ ناومان بردن، له‌ حاڵێکدا که‌ پێغه‌مبه‌ره‌کانیان به‌ به‌ڵگه‌ی ڕوونه‌وه‌ بۆ (ڕێنوێنی)یان هاتن، ئه‌وان وا نه‌بوون که‌ ئیمان بێنن، ئا به‌م‌جۆره‌ خێڵی تاوانبار سزا ده‌ده‌ین ﴿۱۳﴾ له‌ پاشان ئێوه‌مان دوای ئه‌وان له‌ ته‌به‌ق و گۆی زه‌ویدا کرده‌ جێ‌نشین تا بڕوانین (بزانین) که‌ چلۆن ڕه‌فتار ده‌که‌ن ﴿۱۴﴾

کاتێ کە نیشانە ڕوونەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێندرێتەوە، کەسانێ کە هیوای دیداری ئێمە (و ڕۆژی بەرێ)یان نییە، ئەڵێن: قورئانێ بێجگە لەمە بێنە یا بیگۆڕە، بڵێ: من بۆم نییە کە خۆم ئەوە بگۆڕم، پەیڕەوی ناکام مەگەر لەوەی وا بۆم دێ، ئەگەر نافەرمانی پەروەرێنەرم بکەم، بەڕاستی لە سزادانی ڕۆژی گەورە (بەرێ) دەترسم ﴿١٥﴾ بڵێ: ئەگەر خوا بیویستبایە من ئەم (قورئانەم) بە سەرتاندا نەدەخوێندەوە و لەوە ئاگادارم نەدەکردن و فێریشم نەدەکرن (چونکە تەمەنێک لەمەو پێش لە نێوتاندا ژیاوم؛ دەسا چۆنە کە تێناگەن؟! ﴿١٦﴾ چ کەسێک ستەمکارترە لەو کەسەی کە بە دەم خواوە درۆ دەکا و نیشانەکانی ئەو بە درۆ دائەنێ، بەڕاستی تاوانباران ڕزگار نابن ﴿١٧﴾ بێجگە لە خوا شتگەلێتر ئەپەرستن کە نە زیانێکیان لێدەدەن و نە بەهرەییێکیان بۆ ئەوان هەیە و ئەڵێن: ئەمانە لای خوا تکاکارمانن، بڵێ: ئایا بە شتێک خەبەر بە خوا ئەدەن کە لە ئاسمانەکان و زەویدا سەروشوێنیان بۆ نییە؟ پاک و بێخەوشە ئەو، بەرزترە لەوەی کە هاوبەشی بۆ دابنێن ﴿١٨﴾ لە (سەرەتاوە) مرۆ هەموو یەک تیرە بوون، لە پاشان لێک جیا بوونەوە، ئەگەر لە پێشدا فەرمانی پەروەرندەت نەبوایێ (لە بابەت سزادانیان بە پەلە) ئەوەی کە مایەی کێشەیە، یەکلا کرابۆوە ﴿١٩﴾ دەڵێن: بۆچی پەرجۆ و کشگێری و بەڵگە و ئایەتێک لە لایەن پەروەرێنەریەوە بۆ نەهاتۆتە خوارێ؛ بڵێ زانستی نادیار بۆ خوایە (و بە فەرمانی ئەوە)، جا چاوەڕوان بن، منیش لەگەڵ ئێوە چاوەڕوان دەبم ﴿٢٠﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



هەروەخت لە پاش زیان دیتن کە تووشی ئەو خەڵکە بووە، ئێمە تامی ڕەحمەت و بەزەیی‌یان پێ دەچێژین، بۆ ئەوان لەبارەی نیشانەکانی ئێمە گزی و فێڵ هەیە، بڵێ خوا لە چارە دۆزینەوە بۆ پووچەڵ کردنەوەی فرت و فێڵی ئێوە بەلەز و بەپەلەترە، هەر نەخشەیەک کە دەیکێشن و هەر گزی و فزییەکی کە ئێوە ئەیکەن ئەسپاردەکانی ئێمە دەینووسن ﴿٢١﴾ ئەو کەسێکە لە بەژ و دەریادا ئێوە دەگێڕێ تا لە نێو گەمیدان و بە بای لەبار تەفگەڕیانە (و بەرەو ئامانج دەیانبا) پێی شاد و دڵخۆشن تا لەناکاو با و تۆفێکی توند و فرە قەوی و سەخت لە هەموو لایەکەوە دێ و پێل و شەپۆلیش لە هەر لایەکەوە بۆیان دێ و باش دەزانن کە هەموو دەوریان گیراوە و خەریکە کە تیا دەچن، لەو دەمەدا پڕبەدڵ لە ڕووی بڕوای پاکەوە هاوار بۆ خوا ئەبەن و دەپاڕێنەوە کە ئەگەر لەمە ڕزگارمان بکەی، بە هەقیقەت لە شوکرانەبژێران دەبین ﴿٢٢﴾ جا کاتێ ئەوانی ڕزگار کرد، (دووبارە) لە زەویدا بێ ئەوەی مافیان هەبێ، ستەم و غەدر ئەکەن، ئەی خەڵکینە! ستەم کردنی ئێوە کە بە زیانی خۆتانە، بەشێ لە ژیانی دنیا (دەبەن)، لە پاشان گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای ئێمەیە، بەوەی دەتانکرد ئاگادارتان دەکەین ﴿٢٣﴾ بەڕاستی ژیانی دنیا هەروەکوو بارانێکە کە لە ئاسمانەوە باراندوومانە کە بە هۆی ئەوە گیاوگژ و رووەکی جۆراوجۆر و تێکەڵاو دەڕوێ، لەوانەی کە خەڵک و ئاژەڵ لێی دەخۆن، هەتاکوو سەرزەوی (بە شیناوردی خۆی) جوان ڕەنگاورەنگ دەبێ و دەخەملێ و خۆ جوان و ڕازاوە دەکا و خاوەنەکانی گومان دەکەن لە بن دەسەڵاتی ئەواندایە و ئەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن، (لە ناکاو) شەو یا ڕۆژ (بۆ نابوودی ئەوە) فەرمانی ئێمە دەگا (شەختە یا برووسکە لێی ئەدا)، بە جۆرێکی وا ئەیدووروێتەوە کە (دەڵێی) هەروەکوو نەبووە، ئا بەمجۆرە نیشانەکانی خۆمان بۆ خێڵێ کە بیر دەکەنەوە بەیان دەکەین ﴿٢٤﴾ خوا بۆ خانووی ئاشتی و سەلامەت گازی و قاویان لێ دەکا، هەرکەس کە خوا بیەوێ دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست ﴿٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

کەسانێ کە چاکەیان کردووە، پاداشی چاک و زیادە بەشانەیان بۆ هەیە و تۆزی ڕەشی سەرشۆڕی و سووکایەتی لەسەر دەموچاویان نانیشێ، ئەوانە خاوەنی بەهەشتن و بۆ هەمیشەش لەویدا دەمیننەوە ﴿٢٦﴾ کەسانێ کە خراپەیان کردووە، سزای تاوانیان بەو ئەندازە بۆ هەیە و سووکایەتیش سەرباریانە و هیچ شتێک ناتوانێ ئەوانە لە (سزادان)ی خوا بپارێزێ، دەڵێی دەموچاویان بە پاژ و برکە و بەتڵکەلێک لە شەو داپۆشراوە، ئەوانە ئەهلی ئاگرن و بۆ هەمیشەش لە نێو ئاگردا قەتیس دەمیننەوە ﴿٢٧﴾ (بێنە بیر) ئەو ڕۆژەی کە هەموویان کۆ دەکەینەوە، لە پاشان بەوانە کە شەریکیان بۆ خوا داناوە دەڵێین: ئێوە و هاوبەشەکانتان لە جێی خۆتان مەبزوون (تا بە حیساوتان بگەین)، جا ئەوانمان لێک جیا کردن، شەریکەکانیان پێیان دەڵێن: ئێوە هەرگیز بەندەگیتان بۆ ئێمە نەدەکرد ﴿٢٨﴾ خوا لە نێوان ئێمە و ئێوەدا شایەد بێ بەسە، کە بەڕاستی ئێمە هیچ ئاگامان لەوە نەبووە کە ئێوە ئێمەتان پەرستووە ﴿٢٩﴾ لەویدا هەرکەس کارێکی لە بەرا کردبێ، تاقی دەکاتەوە و هەموو بەرەو لای خوا، سەرپەرستی هەقیقی خۆیان ئەگەڕێنەوە، و ئەوانەی بە درۆ کردبوویانە هاوبەش بۆ خوا گوم دەبن و تیادەچن ﴿٣٠﴾ بڵێ: چ کەسێ لە ئاسمان و زەوی ڕسق و ڕۆزیتان ئەدا، یا چ کەسێ خاوەن (خولقێنەری) گوێ و چاوانە، و چ کەسێ زیندوو لە مردوو یا مردوو لە زیندوو دەردێنێ، و چ کەسێ تەگبیری کاروباری دنیا دەکا؟ جا دەڵێ: ئەی بۆچی خۆتان و ناپارێزن و ناترسن؟! ﴿٣١﴾ جا ئەمەیە خوا، پەروەرێنەری بەرهەقی ئێوەیە، جا ئایا لە دوای هەق بێجگە لە لاڕێیی شتێتر هەیە، ئەی بۆچ لە پەرستنی خوا ڕوو وەردەسووڕێنن ﴿٣٢﴾ ئا بەمجۆرە فەرمانی پەروەرێنەرت بۆ خوانەناسان هاتەدی، بەڕاستی ئەوانە بڕوا ناهێنن ﴿٣٣﴾

بڵێ: ئایا هیچ یەکە لە هاوبەشەکانی ئێوە هی وایان هەیە لە نوێ شتێک ساز بدا و لە پاشان زیندووی بکاتەوە، بڵێ: تەنیا خوا لە سەرەتاوە بوونەوەر بەدی دێنێ و لە دواییشدا زیندووی دەکاتەوە، جا دەی بۆچ لە ڕێی خوا لادەدرێن و دەسوورێندرێن ﴿٣٤﴾ بڵێ: ئایا هیچ یەکە لە هاوشەکانی ئێوە بۆ لای ڕاستەڕێ ڕێنوێنی دەکەن؟ بڵێ: تەنیا خوایە کە ڕێنوێنی بۆ لای هەق دەکا، جا ئایا کەسێ کە بۆ لای ڕاستەڕێ ڕێنوێنی دەکا، بۆ پەیڕەوی کردن شیاوترە یا ئەو کەسەی کە خۆی ڕێنوێنی نابێ، مەگەر ڕێنوێنی بکەن، ئەوە چتانە؟ چلۆن داوەری دەکەن؟ ﴿٣٥﴾ زۆربەی ئەوانە بێجگە لە گومان (و بیری پووچ) پەیڕەوی ناکەن، (کەچی) گومان هەرگیز مرۆڤ لە هەق بێنیاز ناکا (و نایگەیێنێتە هەق)، بەڕاستی خوا بەوەی ئەیکەن ئاگا و زانایە ﴿٣٦﴾ ناگونجێ کە ئەم قورئانە هی خوا نەبێ، هەڵبەستراو بێ، بەڵام تەسدیقێکە بۆ ئەوەی بەر لە قورئان هەبووە و ڕۆشنیشی دەکاتەوە، شکێ لەوا نییە کە لە لایەن پەروەرێنەری جیهانیانەوەیە ﴿٣٧﴾ ئایا دەڵێن: کە ئەوە بە درۆ داوەتە پاڵ خوا، بڵێ: جا (ئەگەر ڕاست دەڵێن) یەک سوورە وەکوو ئەوە بێنن و هەرکەسیش بێجگە لە خوا کە ئەتوانن (یارمەتی) لێ بخوازن، با بێ، ئەگەر ئێوە ڕاستبێژن ﴿٣٨﴾ (ئەوانە قورئانیان لە ڕووی زانستەوە ئینکار نەکردووە) بەڵکوو ئەوان قورئانێکیان بە درۆ خستەوە کە عیلمیان پێی نەگەیشتبوو، هێمان ڕاستییان بۆ دەرنەکەوتووە، ئا بەمجۆرە پێشینانی ئەوانیش کتێب و پێغەمبەرانیان بە درۆ دائەنا، جا بڕوانە سەرەنجامی ستەمکاران چلۆن بووە، بە گوێ گەیشت ﴿٣٩﴾ هەندێ لەوانە بڕوای پێدێنن و هەندێکیش بڕوای پێناهێنن، و پەروەرێنەرت بە خراپکاران ئاگادارترە (و باشتریان دەناسێ) ﴿٤٠﴾ ئەگەر تۆیان بە درۆ خستەوە، بڵێ: کردەوەی خۆم بۆ خۆم و کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان، ئێوە بێزارن لەوەی من دەیکەم و منیش لەوەی ئێوە دەیکەن بێزارم ﴿٤١﴾ هەندێ لەوانە گوێ بۆ تۆ ڕادەگرن، (بەڵام وەکوو ئەوەی کەڕ بن وایە، هیچ نابیسن) ئایا تۆ ئەتوانی قسەی خۆت بە گوێی کەڕی ئەوان بگەیێنی، ئەگەرچی نافامن؟ ﴿٤٢﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



هەندێ لەوانە بۆ تۆ دەڕوانن (بەڵام وەک ئەوە هیچ نابینن)، ئایا تۆ دەتوانی دڵکوێران ڕێنوێنی بکەی، هەرچەندە نەشبینن (و تێشنەگەن) ﴿٤٣﴾ بەڕاستی خوا ستەم لە خەڵک ناکا، بەڵام ئەم خەڵکە خۆیان ستەم لە خۆیان دەکەن ﴿٤٤﴾ (بێنەوە بیر) ڕۆژێک کە ئەوانە کۆ دەکاتەوە (و حەشریان دەکا) و وەها هەست دەکەن کە دەڵێی (لە دنیا نەماونەتەوە، مەگەر ساتێ لە ڕۆژ کە یەکتر بناسن، ئەوانە کە دیدار و لیقای خوا (و ڕۆژی بەریێ)یان بە درۆ دائەنا، زیانیان دی و شارەزای ڕێگایش نین ﴿٤٥﴾ ئەگەر هەندێ لەو بەڵێنانەی کە بەوانمان داوە، (لە کاتی ژیاندا) بە تۆی نیشان بدەین یا (بەر لەوەی کە تووشی عەزاب بن) تۆ لە دنیا ببەینە دەر، جا (هەر جۆر بێ) گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیە، لە پاشانیش خوا بەوەی کە ئەنجامیان داوە شایەدە ﴿٤٦﴾ بۆ هەر نەتەوەیەک پێغەمبەرێک هەیە، جا کاتێ کە پێغەمبەرەکەیان هاتە لایان، بە دادگەری داوەری لە نێویان ئەکرێ و ستەمیان لێ‌ناکرێ ﴿٤٧﴾ ئەڵێن: ئەم بەڵێنی (سزادانە) ئەگەر ڕاستبێژن کەی دێ؟ ﴿٤٨﴾ بڵێ من ـ مەگەر خوا حەزبکا ـ دەنا قازانج و زیانی خۆم بە دەس خۆم نییە؛ بۆ هەر نەتەوەیەک لە سەرکەوتن یا ژێرکەوتن مەودایەکی دیاریکراو هەیە، جا ئەگەر مەودا و دەرەتانیان تێپەڕی؛ کاتێکیش دوا یا پێش ناکەوێ ﴿٤٩﴾ بڵێ: ئایا دەزانن ئەگەر بەڵای خوا بە شەو (کاتی خەو) یا بە ڕۆژ بۆتان بێ (پەشیمان دەبن و ناتوانن پەرچی بدەنەوە)، ئەی تاوانباران بۆچی تاڵووکە دەکەن؟! ﴿٥٠﴾ ئەگەر دواجار کەوتنە نێو بەڵای خوا کە فرە پەلەتان بۆ دەکرد ئەوسا بڕوا دێنن (کە ئیتر کەڵکی بۆتان نییە) ﴿٥١﴾ لە پاشان بەوانەی کە ستەمیان کردووە، دەوترێ: عەزابێکی هەمیشەیی بچێژن! ئاخۆ جیا بۆ کارانێکی دەتانکرد سزا ئەدرێن! ﴿٥٢﴾ لە تۆ ئەپرسن: ئایا ئەو (بەڵێنی سزادان) ڕاستە؟ بڵێ: ئەرێ، سوێند بە خوا، بەڕاستی ئەوە ڕاستە و ئێوە ناتوانن بەری بگرن و لەبەری ڕابکەن (و لە وزەی بخەن و کەنەفتی بکەن) ﴿٥٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

هەرکەسێ کە ستەمی کردووە ئەگەر هەموو ئەوەی لە زەویدایە، لە دەستیا بێ (لە ترسا هەمووی) بۆ ڕزگار بوونی خۆی (ئەبەخشێ)، کاتێ ئازار ببینن پەشیمان بوونەوەی خۆیان دەشارنەوە (نەوەکوو ڕووزەردتر بن)، لە نێوان ئەواندا بە دادگەری داوەری دەکرێ و ستەمیان لێ‌ناکرێ ﴿٥٤﴾ ئاگادار بن بەڕاستی ئەوەی لە گۆی ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ خوایە، ئاگادار بن بەڕاستی بەڵێنی خوا ڕاستە، بەڵام زۆربەی ئەوانە نازانن ﴿٥٥﴾ هەر ئەوە زیندوو دەکاتەوە و دەمرێنێ، هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ﴿٥٦﴾ ئەی خەڵکینە! بە هەقیقەت پەند و ئامۆژگاریتان لە لای پەروەرێنەرتانەوە بۆ هاتووە و دەرمان و شفایە بۆ ئەوەی لە ناو دڵ و دەروونتاندایە، ڕێنوێنی و ڕەحمەتە بۆ بڕواداران ﴿٥٧﴾ بڵێ: بە چاکە و ڕەحمەتی خوا ئەبێ شاد بن، چونکە (چاکە و ڕەحمەتی خوا) لەوەی کۆی دەکەنەوە باشترە ﴿٥٨﴾ بڵێ: ئایا چ دەبینن ڕسق و ڕۆزییەک کە خوا بۆی ناردن (لەخۆڕا) هەندێکیتان بە ڕەوا و هەندێکیشتان بە ناڕەوا دانا، بڵێ: ئایا خوا ئیجازەی بە ئێوە داوە بە دەم خواوە درۆ ئەکەن؟ (و لە خۆتانەوە شت بە ڕەوا یا بە ناڕەوا دەزانن) ﴿٥٩﴾ ئەوانە کە بە دەم خواوە درۆ دەکەن، لەبابەت (سزادانی) ڕۆژی بەرێ بیر و گومانیان چلۆنە؟ بەڕاستی خوا چاکە (و بەخشینی) بۆ هەموو کەسە، بەڵام زۆربەی ئەوانە شوکرانە ناکەن ﴿٦٠﴾ تۆ ئەی پێغەمبەر لە هەر بارێکدا بی و هەرچی لە قورئان بخوێنی و هەر کارێکی ئێوە بیکەن، با لە سەنگی تۆزقاڵە زەڕڕەیەکیشدا بێ یا وردتر یا درشتتر، لە خوای تۆ نادیار و بەرپێوار نابێ و هەموو ئەوانە لە کتێبی ئاشکراکەرەوەدا هەیە و نووسراوە ﴿٦١﴾

ئاگادار بن! دۆستانی خوا نە ترسیان بۆ هەیە و نە خەفەتیش دەخۆن ﴿٦٢﴾ ئەوانە کە بڕوایان هەیە و خۆیان پاراستووە ﴿٦٣﴾ لە ژیانی دنیا و ئاخیرەتدا مزگێنییان بۆ هەیە، بەڵێنی خوا گۆڕانی بۆ نییە و ئەوە ڕزگارییەکی گەورەیە ﴿٦٤﴾ قسەی ئەوان تۆ غەمگین نەکا، بەڕاستی وزە و عیزەت تایبەتی خوایە و هەر ئەویشە بیسەری زانا و ئاگا ﴿٦٥﴾ ئاگادار بن! بە هەقیقەت ئەوەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ خوان و شتێ کە ئەوانە ئەیکەنە هاوبەشی خوا و پەیڕەوی دەکەن (و هاواریان بۆ دەبەن) ئەوانە بێجگە لە گومانی بێبنەڕەت، لە شتێتر پەیڕەوی ناکەن، ئەوانە بە هەقیقەت درۆ دەکەن ﴿٦٦﴾ ئەو کەسێکە شەوی بۆتان داناوە کە لەوا ئارام بگرن و بحەسێنەوە و ڕووناکیشی بە تەبەقی ڕۆژ دا تا ڕوونکەرەوە بێ، بەڕاستی لەمەدا نیشانەگەلێک بۆ کەسانێ هەیە کە گوێڕادێر و بیسەرن ﴿٦٧﴾ وتیان: خوا زارۆکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە! دیارە کە خوا لەو تۆمەتانە بێخەوشە (و) بێنیازە، هەر بۆ ئەوە، ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، هیچ بەڵگەیەکتان بۆ ئەوە نییە، ئایا شتێ کە نایزانن و عیلمتان پێی نییە، ئەیدەنە پاڵ خوا؟! ﴿٦٨﴾ بڵێ: بەڕاستی ئەوانەی کە بە دەم خواوە درۆ دەکەن (هەرگیز ڕزگار نابن ﴿٦٩﴾ (ئەویەری) دەسمایەیان لە دنیا بۆ هەیە، لە پاشان گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیە، ئەوسا سزای سەختیان پێدەچێژین، لەبەر ئەمە کە حاشایان لە خوا و پێغەمبەر دەکرد ﴿٧٠﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەسەرهاتی نووحیان بۆ بخوێنەوە، ئەوەدەمەی کە بە هۆزی خۆی وت: ئەی هـۆزی مـن! ئەگەر مـانەوەم و ئامۆژگارییەکـانم بە نیشـانەکانی خـوا بۆتـان گـرانە (هەر کارێکتـان لە دەس دێ بیکەن) من پاڵم بە خـوا داوەتەوە، جـا بیـری خۆتـان و هێـزی بتەکانتـان کـۆ بـکەنەوە و هـیچ شتێکتان بۆ پۆشراو نەبێ، ئەوسا بە ژیانم دوایی بێنن و (هیچ) مۆڵەتم مەدەن (بەڵام نـاتوانن) ﴿٧١﴾ جا ئەگەر لە بانگ کردنم ڕوو بسوورێنن (کاری ناشیاوتان کردووە، چونکە) هیچ پـاداش و مـزییەکم لێتـان نەویسـتووە، مـزەی مـن تەنیـا بە خـوایە، مـن ئەسـپاردەمە کە خـۆ لە بەدەسەوەدانان بم (لە ڕاست فەرمانی خوادا) ﴿٧٢﴾ بەڵام ئەوانە ئەویان بە درۆ خستەوە، ئێمە نووح و ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەودا لە کەمیدا بوون ڕزگارمان کـردن، ئەوانەمـان کـردە جـێ نشینی (خوانەناسـان)، کەسـانێ کە نیشـانەکانی ئێمەیـان بە درۆ دانا خسـتماننە بـنئـاو تـا بخنکێن، جا بڕوانە سەرەنجامی هەڕەشە لێکراوان چلـۆن بـوون؟! ﴿٧٣﴾ ئەوسـا لە دوای نـووح پێغەمبەرانێکمـان نـاردە لای هۆزەکانیـان، جـا بە بەڵگەگەلـی ڕوونەوە چـوونە لایـان، بەڵام ئەوانیش هەروەکوو ڕابردووان بڕوایان نەهێنابوو، لەبەر ئەوەی کە لە بەرا بە درۆیان دانابوو، ئـا بەمجۆرە مـۆر لە دڵ و دەروونـی دەسدرێـژکەران ئەدەیـن (تـا هـیچ دەرک نەکەن) ﴿٧٤﴾ دوای ئەوانە، مووسا و هارووغمان بە نیشانەکانی خۆمانەوە نـاردە لای فیـرعەون و داروودەسـتەکەی، جا خۆیان بە گەورە زانـی و هـۆزێکی تاوانبـار بـوون ﴿٧٥﴾ کـاتێ ڕاسـتییان لە لایەن ئـێمەوە پێ‌گەیشت، وتیان: بەڕاسـتی ئەمە جـادوویەکی ئاشـکرایە؟ ﴿٧٦﴾ مووسـا وتـی: وەختـێ ئەم ڕاستییەتان پێ‌گەیی (بە جادووی دائەنێن) ئایا ئەمە جـادووە؟ کەچـی جـادووکەران ڕزگـار (و سەرکەوتوو) نابن! ﴿٧٧﴾ وتیان: ئایا هاتووی کە ئێمە لەوەی وا باووباپیرانمـان لەسـەری بـوون بپـرینگێنیتەوە (و لامانـدەی)، گەورەیـی و (سـەرۆکی) لە ئەرزا ببێـتە هـی ئێـوە؟ ئـێمە (هیچکات) بڕواتان پێ‌ناهێنین! ﴿٧٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

فیـرعـەون وتـی: هەمـوو جـادووگەر و جادووبـازێکی زانـا و ئاگـام بـۆ بێـنن ﴿۷۹﴾ جا کـاتێ جادووبازەکان هاتن، مووسا پێی وتن: (ئەوەی لە کەرەستەی جادوو پێویستە) بیهاوێژن، ئەگەر هـاوێژەرن ﴿۸۰﴾ جا کـاتێ هاویشـتیانە مەیـدان، مووسـا وتـی: ئەوەی هێناوتـانە جـادووە، بەڕاستی خوا بە زوویی پووچی دەکاتەوە، دیارە خوا کردەوەی خراپکاران چاک ناکا ﴿۸۱﴾ خـوا بە قسەکانی خۆی ڕاستی سەر دەخا، هەرچەنـدە تاوانبـاران پێیـان نـاخۆش بـێ ﴿۸۲﴾ جا (لە سەرەتاوە) کەس بە مووسا بڕوای نەهێنا، مەگەر هەندێ لە هۆزەکەی نەبـێ کە لە فیـرعـەون و پیاوەکانی دەترسان کە نەکا (بە زۆر) لە دینەکەیـان وەریـانبگێـڕنەوە، بەڕاسـتی فیـرعـەون لە ئەرزا جێبەرز و دەسەڵاتدار و لە هەڵەکاران بـوو ﴿۸۳﴾ مووسـا وتـی: ئەی هـۆزی مـن! ئەگەر بڕواتان بە خوا هێناوە، جا تەنیا پاڵ بدەن بەو، ئەگەر ملکەچی خوان ﴿۸۴﴾ جا وتیان: تەنیا بە خوا پشتئەستوورین، ئەی پەروەرێنەری ئێمە، مەمانخە بن تەوژمی هۆزی ستەمگەران ﴿۸۵﴾ بە ڕەحمەتی خۆت لە (دەس) هۆزی خوانەناسان ڕزگارمان بکە ﴿۸۶﴾ بە مـووسـا و براکەیمـان تێگەیاند کە بۆ هـۆزی خۆتـان چەن خـانوویەک لە میسـردا ئـامـادە بـکەن و خانووەکانیشـتان ڕووبەڕووی یەکتـر سـازە بـدەن و نـوێژیش بەجـێبێـنن، و بە بـڕواداران مزگێنـی بـدە (کە سـەردەکەون) ﴿۷۸﴾ مووسـا وتـی: ئەی پەروەرێـنەری ئێمـە! بەڕاسـتی تـۆ بە فیـرعـەون و داروودەستەکەی لە ژیانی ئەم دنیایەدا مایەی خەمڵ و زەنبەر و خشڵ و ماڵی (زۆرت) پـێداون و ئەمەش بۆتە هۆی ئەمە کە (بەندەکانت) لە ڕێگای تـۆ بتـرازێنن، ئەی پەروەرێـنەری ئێمـە! ماڵیان لە ناو بەرە و دڵ و دەروونیان پتر ڕەش و ڕەق (و قورس) بکە، چونکە تا تووشـی دەردی پڕ ئازارو ڕەنج نەبن بڕوا ناهێنن ﴿۸۸﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



فەرمووی: دوعا و نزاکەتان قەبووڵ کرا، لە مەیدان دەرمەچن و خۆڕاگر و بەتابشت بن، و بە ڕێگای کەسانێکدا مەڕۆن کە نازانن ﴿٨٩﴾ بەرە و ڕەچەڵەک و وەچەی ئیسرائیلمان لە دەریا (چەمی نیل) پەڕاندەوە و فیرعەون و لەشکرەکەشی بۆ ستەم و دەسدرێژی کردن بە دوویاندا ڕۆیشتن، تا خەریک بوو (فیرعەون) نوقم بێ، هات بخنکێ، ئەوسا وتی: بڕوام هێنا، هیچ کەس بۆ پەرستن نابێ مەگەر ئەوەی کە بەرەی ئیسرائیل باوەڕییان پێ هێناوە و من لە خۆبەدەسەوەدانانم! ﴿٩٠﴾ ئێستا بڕوات هێنا! کەچی لە بەرا ملت بادا و یاغی و لە ڕیزی خرابکاران بووی؟! ﴿٩١﴾ بەڵام ئەمڕۆ لەشت (لە ئاو) ڕزگار دەکەین تا بۆ داهاتووان ببێ بە پەند، بەڕاستی دیارە زۆرێ لە خەڵک لە نیشانەکانی ئێمە بێئاگا و غافڵن ﴿٩٢﴾ ئێمە بەرەی ئیسرائیلمان لە جێگای چاک و خۆش دانا و ڕسق و ڕۆزیی پاکمان پێدان و دوای ئەوەی عیلم و ئاگادارییان دەستکەوت لە نێو یەکدا دەسیان بە جیاوازی کرد، بەڕاستی پەروەرێنەری تۆ لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر ئەوەی جیاوازییان تێدا دەکرد، داوەری دەکا ﴿٩٣﴾ جا ئەگەر لەوەی کە بۆ تۆمان ناردووە دوودڵی، لەوانە کە بەر لە تۆ کتێبی ئاسمانی دەخوێننەوە، پرسیار بکە، (بزانە) بە هەقیقەت ڕاستی و هەق بۆ تۆ هاتووە، جا هیچ کاتێ لە دوودڵان مەبە ﴿٩٤﴾ لەوانە مەبە کە نیشانەکانی خوایان بە درۆ دانا کە تۆیش لە زیان لێکەوتوان ئەبی ﴿٩٥﴾ بەڕاستی ئەوانە کە فەرمانی پەروەرندەی تۆیان لێهاتەدی و بەڕاست گەڕا، ئیتر (لەبەر بە درۆدانان) بڕوا ناهێنن ﴿٩٦﴾ هەرچەند هەموو نیشانەکانی (خوا) بەوان بگا تا ڕۆژێ کە ئازاری دەردهێنەر دەبینن بڕوا ناهێنن، چونکە دڵیان تاریکە! ﴿٩٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



جا بۆچ هیچ یەکە لە (خەڵکی) ئاوایی و شارەکان بڕوایان نەهێنا کە (بڕوا هێنانیان لە کاتی خۆیدا بێ و) سوودیان پێبگەیێنێ، مەگەر هۆزی یوونس (نەبێ)، کاتێ کە بڕوایان هێنا ئازاری ئابڕووبەرمان لە ژیانی (ئەم) دنیایەدا لەسەر لابردن و تا ماوەیەکی دیاریکراو (تا دەمی مردن لە ژیانی دنیا) قانزانج و خۆشیمان پێدان ﴿٩٨﴾ ئەگەر پەروەرێنەرت بیویستبا، هەموو ئەوانە کە لەسەر زەوین، هەموویان بە تێکڕایی بڕوایان دەهێنا، جا ئایا تۆ زۆری لە خەڵک دەکەی تا بڕوادار بن ﴿٩٩﴾ (بەڵام) هیچ کەس ناتوانێ بڕوا بێنێ، مەگەر بە ئیزن و ویستی خوا، خوا خراپی و پیسی وکرێتی (کوفر و ناپاکی) ئەخاتە سەر کەسانێ کە ئەقڵی خۆیان ناخەنە کار ﴿١٠٠﴾ بڵێ: بە لێکۆڵینەوە و بە وردی بەری خۆ بدەنێ و بڕواننە ئەوەی وا لە ئاسمانەکان و زەویدا چیها هەیە، بەڵام ئەم نیشانانە و ئەو ترسێنەرانە بۆ هۆزێ کە بڕوا ناهێنن بێسوودە و کار ناکاتە سەریان، و بێنیازیان ناکا (نُذُر: جەمی نذیرە و کینایە لە پێغەمبەرانە) ﴿١٠١﴾ جا ئایا بێجگە لەمەیە کە چاوەڕوانی ڕۆژێکن وەکوو (ئازاری) ڕۆژەکانی کەسانێ کە لە پێش ئەواندا ڕابوردن، بڵێ: ئێوە چاوەڕوان بن، بەڕاستی منیش لەگەڵ ئێوەدا لە چاوەڕوانانم ﴿١٠٢﴾ لە پاشان (لە کاتی بەڵادا) پێغەمبەرانی خۆمان و کەسانێ کە بڕوایان بەوان هێنا، ڕزگاریان دەکەین، چون ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە باوەڕداران ڕزگار بکەین ﴿١٠٣﴾ بڵێ: ئەی خەڵکینە! ئەگەر لە دینمدا دوودڵن، من ئەوانەی کە ئێوە بێجگە لە خوا دەیپەرستن ناپەرستم، تەنیا خوایەک دەپەرستم کە ئێوە دەمرێنێ، فەرمانم پێدراوە کە لە بڕواداران بم ﴿١٠٤﴾ (فەرمانم پێدراوە کە) خۆت ڕاست و دروست بکە بۆ دینێ کە ڕاست و پاکە، هەرگیز لەوانە مەبە کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە ﴿١٠٥﴾ بێجگە لە خوا هاوار بۆ شتێ وا مەبە کە نە سوودت پێ دەگەیێنێ و نە زیان، جا ئەگەر (هاوار بۆ غەیری خوا) ببەی، بە هەقیقەت لەو کاتەدا لە ستەمکارانی ﴿١٠٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



ئەگەر خوا (بۆ تاقیکردنەوە) زیانێ بە تـۆ بگەیێنـێ، جـا هـیچکەس بـێجگە لەو ئەوە لانابـا، ئەگەر بیەوێ خێرێکی بۆ تۆ هەبێ، هیچکەس ناتوانێ بەری چاکەی خوا بگـرێ، بە هەرکەس لە بەندەگانی خۆی کە بیەوێ خێر و بەرەکەت دەگەیێنێ، هەر ئەویشە لێبـور و دڵاویـن ﴿١٠٧﴾ بڵێ: ئەی خەڵکینە! لە لایەن خواوە ڕاستی و هەقتان بۆ هاتووە، هەرکەس ڕێنوێن بێ، بۆ خـۆی ڕێنوێن بووە و کەسێکش لاڕێ بـێ، بە هەقـیقەت بە زیـانی خـۆی لاڕێ بـووە، و مـن وەکیـل و بریکار و پارێزەری ئێوە نیم ﴿١٠٨﴾ و لەوەی بۆ تۆ دێ، پەیڕەوی بکە، و تابشتت هەبێ تا خـوا داوەری بکا و هەر ئەویشە باشترینی داوەران ﴿١٠٩﴾

## سوورەی هوود ١٢٣ ئایەتە

**سوورەی هوود لە مەککە هاتۆتە خوارەوە و بە (بسم‌الله)وە ١٢٣ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر وا دڵاوێن.

ئەلف، لام، ڕا، ئەمـە کتێبێکە نیشانە و بەڵگەکانی پتەو کـراون و لە پاشـان لە لایەن کـارزانی زانا بە ناخی، ڕاڤە کراون ﴿١﴾ (بانگەوازی من ئەمـەیە) کە بێجگە لە خوا شتێ‌تر مەپەرستن، من لە لایەن خواوە بـۆ ئێـوە ترسـێنەر و مزگێنیـدەرم ﴿٢﴾ لە پەروەرێـنـەری خۆتـانیش داوای لێخۆش‌بوون بکەن، لە پاشـان بگەڕێنـەوە بـۆ لای ئەو تـا بە شـێوەیەکی چـاک تـا مـاوەیەکی دیاری‌کراو سوودتان پێ‌بگەیێنێ و بە هەر خاوەن چاکەیەک چاکەی خـۆی پـێ‌بگەیێنـێ، ئەگەر (لەم فەرمانە) ڕوو بسووڕێنن، جا بە هەقیقەت ترسی ئازاری ڕۆژێکی گەورەم بۆتان هەیە ﴿٣﴾ (بزانن) تەنیا گەڕانەوەی ئێوە بۆ لای (خوا)یە و ئەو بە سەر هەموو شتێکدا زاڵە ﴿٤﴾ ئاگـادار بە! کاتێ کە ئەوانە (سەریان لێک نێزیک دەکەنەوە و) سینگیان خوار دەکەنەوە تـا خۆیـان (و قسەکانیان) لەو (پێغەمـبەرە) بشـارنەوە، ئاگـادار بـە! ئەو دەمەی کە ئەوانە جلکەکانیـان لە خۆیانەوە دەپێچن، خوا دەزانێ چییە و ئەوانەی دەیشـارنەوە یـا ئاشـکرای دەکەن خـوا لە ڕاز و نهێنی دڵ و ناو سنگ ئاگا و زانایە ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi